هەموو شتێک بەقەدەرە، بێ توانایی وتواناداری، یان تواناداری وبێ توانایی

لە تاوسەوە دەڵێت: گەیشتم بەکەسانێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، دەیانووت: هەموو شتێک بەقەدەرە، دەڵێت: وگوێم لە عبداللەی کوڕی عومەر بوو کە دەیووت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «هەموو شتێک بەقەدەرە، بێ توانایی وتواناداری، یان تواناداری وبێ توانایی».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەموو شتێک بە قەدەرە؛ تەنانەت بێ توانایی ئەمیش : بریتیە لە وازهێنان لەوەی واجبە بکرێت ودواخستنی لەکاتی خۆی، لە شتی دونیایی وئەوەیشی پەیوەستە بە قیامەتەوە. وتەنانەت تواناداری ئەمیش : بریتیە لە چالاکی و وردی سەبارەت بە شتەکانی دونیا وئەوەیشی پەیوەستە بە قیامەتەوە. وخوای گەورە -عز وجل- هەموو شتێکی لە قەدەردا نووسیوە تواناداری وبێ توانایی وهەموو شتێک، و هەرشتێک لە بوونداڕوودەدات خوای گەورە پێشتر زانستی سەبارەتی هەبووە و ویستی لەسەر بووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65039